# مافی مانەوە لە شاری نۆرنبێرگ لەئەڵمانیا

ئامادەکردنی پەیامنێری کوردستان نێت: سیروان بابان. ئەڵمانیا

شاری نۆرنبێرگ سەر بە هەرێمی بایرن لە ئەڵمانیا یەو بەپێی ئاماری دەزگای بەرپرسی ئەم شارە تا ڕۆژی ٣١. ١٢. ٠٢ ژمارەی دانیشتوانی بێیانی لەم شارەدا گەیشتوەتە ٩٣٠٣٠ کەس کەپێکهاتەی گشت وولاتانن کەبەنیازی کار کردن یاخود وەك پەناهەندە ڕویان لەم شارە کردوە وەك هەموو شارەکانی تری ئەڵمانیا......

بۆزانین ژمارەی هاوولاتیانی عێراقی بەکوردو عەرەبەوە٣٩١١ کەسن وە تورك ٢١٨٠٣ کەسن و ئیتاڵی (١٠٨٤٦) وکەمترینیان سودانین کە١٠٠ کەسن وەهتد......

ئەوەی کە مەبەستمە باسی لەسەربکەم درێژ کردنەوەی یاخود تازەکردنەوەی ئیزنی ماناوە (ئیقامە) یە کە بەجۆرێك بووەتە جێگەی نیگەرانی ئەم چەند هەزار کەسە....

ئاشکرایە کە لەدوای ١١ ی سیپتەمبەرەوە لە ئەڵمانیا چەند باندی سەربەقاعیدەدەستگیر کران و ئەمە جگە لەوەی کە ئاشکرا بوو کە زۆربەی پیلانەکان لەم وولاتەدا دارێژراون..... ئەمانە لای گشت لامان ڕون و ئاشکرایە هەربۆیە حوکمەتی ئەڵمانیای فیدراڵی بە شێوەیەکی نا ئاسایی و بەشێوەیەکی گشتی بێیانیەکانی خستوەتە ژێر چاودێرییەوە....

لەسەرەتای ئەم ساڵەوە ٠١. ٠١. ٠٣ وەهەرچ کەسێکی بێگانە داوای تازەکردنەوەی ئیقامەکەی بکات دوچاری پڕکردنەوەی چەندین فۆرم (ئیستیمارە) و وەڵامدانەوەی چەندین پرسیار دەبێتەوە کە بە کورتی بەم شێوەیەیە......

سەرەتا کەداوای تازە کردنەوە ئیقامە دەکرێت ماوەی ٦ مانگت بۆ دادەنرێت تاکو نۆرەت دێت چونکە وەك ئاماژەم پێ کرد ٩٣٠٣٠ کەس لە نۆرەدان کاتی پڕکردنەوەی ئەو فۆرمەش دوچاری ئەم پرسیارانە دەبیتەوە..

ئایا بەرێزت سەر بەهیچ گروپێك یاخود پارتێکی سیاسی یان هەرچ لایەنێکی سیاسی و ئیسلامی و(باندێکی تیرۆرستی)ت کە لەئەڵمانیا دا قەدەغە کرابێت کەوا لە خوارەوە ناویان هاتوە ؟

لەگەڵ فۆرمەکاندا ناوی پتر لە ٦٦ پارت و گروپ و لایەنی سیاسی هاتوە..... کە دەبێت بە ئا یان نەخێر وەڵام بدەیتەوە.

ئایا بەشداریت کردوە لە بەکارهێنانی توندو تژی لە کاتی ڕێپێواندا ؟

ئایا هیچ کەسێك دەناسیت لەم لایەنانە دا کاری کردبێت یان لایەن گیری بێت ؟

ئایا هیچ کاتێك هیچ جۆرە دیکۆمەنتێکی تەزویرت بەکار هێناوە ؟

ئایا بەشداریت کردوە لە دروست کردنی چەکی کیمیایی دا ؟

ئایا چەکداریت کردووە؟

ئایاکۆمەکی ئەو لایەنانەت کردوە کە ناویان هاتوە ؟

ئایا چ جار لەسەر ئەوەی کە دژبە دیمەکراتی و یان دژ بەیاسای وولاتەکەت یان لەسەر هەرچ تاوانێك زیندانی یان حوکم دراوی؟

ئایا سەردانی ئەم وولاتانەت کردوە ؟ ئەفغاننستان. عێراق. ئێران. شیشان. هتد... ؟

چەندین پرسیاری تری لەو جۆرە

ئەوەی گرنگە ناوی ئەو حیزب و لایەنانەیە کە لەو لیستەدا هاتوە....

چەندین حیزبی ئیسلامی عەرەبی و کوردی و تورکی و هتد......

چەندین حیزب و لایەنی سیاسی کوردی و عەرەبی و تورکی و هتد...

سەیر ترینیان ئەوەیە کە ناوی پارتی دیموکراتی کوردوستان و یە کێتی نیشتیمانی کوردوستان یش لەناو ئەو

لیستەیە دایە کە بە گروپە قەدەغە کراوەکان یاخود باندە تیرۆرستەکان ناوبراون..

جاتازیزم لە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانەدا سێ لەسەر چواری میللەتی کورد دوچاری گرفت دەبێت لەبەر ئەوەی کە زۆربەی زۆری لاوی کورد چەکداری یەکێك لەولایەنانە بوە یان بەلایەنی کەمەوە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری خۆی بۆلایەنێك ناونوس کردووە...

ئایا کێ هەیە لە وڕێگەیە کەهاتووە بەرەو ئەوروپا پەساپۆرتێکی تەزویری بەکار نەهێنابێت بۆ پەڕینەوە...

دەگمەنە ئەو کەسەی گە لە کاتی خۆناساندندا بۆ ئەوەی مافی پەنابەری وەربگرێت باسی گرتن و زیندانی بونی خۆی نەکردبێت...... وە بۆ ئەوەی کەڕاست گۆبیت لەوەڵام دانەوەدا ئەو مەلەفەت کەکاتی هاتنت وەڵامت داوەتەوە و بەهۆیەوە مافی مانەوە یان پەنابەریت وەرگرتوە لەبەردەستی فەرمانبەرەکەدایە بۆ مەبەستی بەراورد کردنی......

هەر وەڵامێك بە ئا بێت ئەکەویتە ژێر لێکڵینەوەوە کەبەمەش داواکەت ٨ تا ٩ هەفتە دوا دەکەوێت بە مەبەستی لێکۆڵینەوە.

ئەمە بەکورتی.. هیوادارم کە بتوانم لە داهاتویەکی نزیکدا ڕونکردنەوەی زیاتر بخەمە بەر دەستی خوێنەری ئازیز......

تێبینی....ئەم لێکۆڵینەوەیە هیچ پەیوەندیەکی بە ڕەوشی ئێستای عێراقەوە نیە وە هەروەها نەك تەنها بۆ کوردە بەڵکو بۆ گشت دانیشتوانی ئاسیا یە بەگشتی.......

زۆر بەی زانیاریەکان لە ڕێگەی فەرمیەوە (ڕەسمیەوە) وەرمگرتون....

هەر چەندە پەیوەندیم بە زۆر لایەنی پەیوەندیدارەوە کردوە بۆ مەبەستی زیاتر زانیاری وەرگرتن و چاو پێکەوتن بەڵام تا ئێستا جگە لەچەند زانیاریەکی نارەسمی و بەڵێن دان هیچی تر دیار نەبوە....

لەوانە نامەیەکم ئاڕاستەی پارێزگاری شاری نۆرنبێرگ بەڕێز Dr .lyaM کردوە کە بەئیمەیل وەڵامی داومەتەوەکە دەڵێت لەبەر نەبونی کات ببورە بۆ ماوەیەك چاو پێکەوتنەکە دوادەخەین...... ئەم نامەیەم بەشێوەیەکی سەربەخۆو تایبەت لەڕێگەی مەجلیسی شارەوانی بێیانیەکانی شاری نۆرنبێرگ گەیاندوە......

سیروان بابان

٠٣ .٠٥ .١٠

www.kurdistannet.org کوردستان نێت